# ئەركی پراگماتیك لە شرۆڤكردنی سیاسەتدا

**پ.ی.د.عبدالواحد مشیر محمود دزەیی**

بەشی کوردی کۆلیژی زمان/ زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

***مێژوویا وەرگرتنا ڤەکولینی / / مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤەکرنێ / /***

## پوختە

باسەكە لە چوارچێوەی پراگماتیكدا باس لە رەهەندە پراگماتیكییەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی دەكات و بوارەكانی پراگماتیك لەم شرۆڤەكردنە دا دەخاتەڕوو. ئەم لێكۆڵینەوەیە هەولێكە بۆ خستنەرووی زانستیانەی شرۆڤەكردنی سیاسی بە ئامانجی گەیشتن بە رۆڵی پراگماتیك لە شرۆڤەكردنی سیاسی دا ؟

باسەكە لەژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی شیكاری ئەنجامدراوە، جگە لە پێشەكی و ئەنجام لە دوو تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە شرۆڤەكردنی سیاسی جۆر و رێبازەكانی، ئەم سەردێرانە لەخۆوە دەگرێت : پێناسەی سیاسەت، شرۆڤەكردنی سیاسی، قوتابخانەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی، جۆرەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی،گوتار و سیاسەت، تەوەرەی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەتە بە تێڕوانینێكی پراگماتیكی بۆ شرۆڤەكردنی سیاسی، ئەم سەردێرانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:كەرەستەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی، میكانزمی شرۆڤەكردنی سیاسی، رۆڵی بیروباوەڕ لە شرۆڤەكردنی سیاسی، توانستی پراگماتیكی و شرۆڤەكردنی سیاسی، رەهەندی پراگماتیكی لە شرۆڤەكردنی سیاسیدا، شرۆڤەكردنی گوتاری سیاسی، دواترگەیشتینە ئەو ئەنجامەی توانستی پراگماتیكی رۆڵێكی گرنگی هەیە بۆ شرۆڤەكردنی وردی رووداو و گوتارەكان، لە كۆتایدا ئەنجام و پوختەی باسەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## ٠- پێشەكی :

**٠-١- ناوونیشانی باسەكە :**

ئەركی پراگماتیك لە شرۆڤەكردنی سیاسەتدا .

**٠-٢- سنووری باسەكە :**

باسەكە لە چوارچێوەی پراگماتیكدا باس لە رەهەندە پراگماتیكییەكانی شرۆڤەكردنی سیاسیدا دەكات وگوتار وەك نموونە وەرگیراوە سەرەڕای ئەمە بوارەكانی پراگماتیك لەم شرۆڤەكردنەدا دەخاتەڕوو .

**٠-٣- ئامانج و گرنگی باسەكە :**

شرۆڤەكردنی سیاسی جۆرێكە لەم شرۆڤانەی كە كاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانەی مرۆڤ هەیە لە هەموو بوارێكەوە، ئەم لێكۆڵینەوەیە هەولێكە بۆ خستنەرووی زانستیانەی شرۆڤەكردنی سیاسی بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی رۆڵی پراگماتیك چییە لە شرۆڤەكردنی سیاسی گوتار؟ و ئایا توانستی پراگماتیكی مەرجە بۆ شرۆڤەكاری سیاسی ؟

**٠-٤- رێبازی باسەكە :**

باسەكە لەژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی شیكاری ئەنجامدراوە .

**٠- ٥- ناوەرۆكی باسەكە :**

باسەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام لە دوو تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە شرۆڤەكردنی سیاسی جۆر و رێبازەكانی، ئەم سەردێرانە لەخۆوە دەگرێت: پێناسەی سیاسەت، شرۆڤەكردنی سیاسی، قوتابخانەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی، جۆرەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی،گوتار و سیاسەت، تەوەرەی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەتە بە تێڕوانینێكی پراگماتیكی بۆ شرۆڤەكردنی سیاسی، ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت :كەرەستەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی، میكانزمی شرۆڤەكردنی سیاسی، رۆڵی بیروباوەڕ لە شرۆڤەكردنی سیاسیدا، توانستی پراگماتیكی و شرۆڤەكردنی سیاسی، رەهەندی پراگماتیكی لە شرۆڤەكردنی سیاسی دا، شرۆڤەكردنی گوتاری سیاسی، دواتر گەیشتینە ئەو ئەنجامەی توانستی پراگماتیكی رۆڵێكی گرنگی هەیە بۆ شرۆڤەكردنی وردی رووداو و گوتارەكان، لە كۆتایدا ئەنجام و پوختەی باسەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## تەوەرەی یەكەم : شرۆڤەكردنی سیاسی، جۆر و رێبازەكانی

### ١-١- پێناسەی سیاسەت:

لەم سەردەمەی ئێستادا سیاسەت بایەخێكی گرنگی هەیە، چونكە ژیانی خەڵكی پێوە بەندە، سیاسەت بریتییە لەو دەسەڵاتەی كۆمەڵگا ناچادەكات پابەندبن پێی لە رووی شەرعییەت (Legitimacy) و دەسەڵات، بە واتایەكی تر لێكۆڵینەوەیەكی كارەكی دابەشكردنی دەسەڵاتە بۆ بەها جۆراوجۆرەكان لە پێناو كۆمەڵگا یان لێكۆڵینەوەیە لە بەرژەوەندی یان خاوەن بەرژەوەندی لێكۆڵینەوە دەكات لە رووی چەندێتی و چۆنییەتی بەرژەوەندییەكە[1] .

پێناسەی زانستی سیاسەت بە پێی گەشە و گۆڕان لە گۆڕاندایە و دەوڵەت تەوەرەی لێكۆڵینەوەی زانستی سیاسەتە لە سیتەمی ناوەوە و پەیوەندی دەرەوە دواتر توانای دارشتنی بڕیار لە كۆمەڵگا بوو بە جێگای بایەخ و ئێستاش زانینی خاوەن بەرژەوەندی و جۆرەكانی بەرژەوەندی وكاریگەری لە ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت بۆتە تەوەرەی هاوچەرخی سیاسەت .

### ١-٢- شرۆڤەكردنی سیاسی Political Analysis:

سیاسەت دیاریدەیەكی كۆمەڵایەتییە تایبەتە بە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتییان، دەسەڵات دەبێت پابەندی ئەركەكانی بێت و هاوڵاتیانیش دەبێت ملكەچی دەسەڵات بن، ئەم ملكەچییە رەوایی سیاسی

(Political legitimacy) دێنێتە ئاراوە، هەر ئەم پەیوەندیەشە، سەقامگیری سیاسی فەراهەم دەكات. شرۆڤەكردنی سیاسی یارمەتیدەری كەسانی ناپسپۆرە لە سیاسەت بۆ قوولبوونەوە لە سیاسەت و تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەگوزەرێت ئاشنا دەكات بۆ جەماوەر و كەسانی ئاسایی، هەروەها هەوڵ دەدات لایەنە شاراوەكانی رووداو و مەسەلە سیاسییەكان بخاتە روو، شرۆڤەكردنی سیاسی بۆتە پێداویستییەكی گرنگی ژیان لەم سەردەمەی ئێستاماندا، چ بۆ سیاسەتمەداران و پیاوانی دەوڵەت یان گرنگپێدەرانی سیاسەت، ئەمانە پێویستیان بەوە دەبێت شارەزاییەكی تەواویان هەبێت لەوەی چ روودەدات لە دەوروبەرەكەیاندا، تاكو نەبنە قوربانی سیاسەت و بتوانن ببنە دورستكەری رووداو یان بەلای كەمەوە بزانن لە دەوروبەرەكەیاندا چی دەگوزەرێت .

سیاسەت (politics) لێكدانی هونەر و زانست و فەلسەفەیە لە پرۆسەی دەسەڵات و هێنانەدی دەست بەسەرداگرتنی كۆمەڵگا [٢] شرۆڤەكردن كردەی تێگەیشتن و لێكدانەوە و گەڕانە بەدوای بنچینە و پێكهاتە و بنەماكانی و دواتر پشكنینی پێكهاتەكانی بە مەبەستی بۆ دۆزینەوەی سروشت و پەیوەندی نێوانیان دواتریش گەیشتن بە ئەنجامێكی زانستی و یاسایی، شرۆڤەكردنی سیاسی هەوڵێكە بۆ تێگەیشتن لە واقیع و شرۆڤەكردنی و دەتوانین بڵێین: بەكارهێنانی دورستی زانستی سیاسەتە،كردەی گەڕانە بە دوای ئەگەرە چاوەڕوانكراوەكانی ئەو رێڕەوانەی، كە لەكارلێكی هێزە سیاسییەكان لەناو كۆمەڵگا دێتە ئاراوە، تیایدا لێكدانەوەیەكی زانستی و روون بۆ پەیوەندی هێزە سیاسییەكان چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە دەخاتەڕوو، لەم رێگەیەوە بڕیار لەسەر دیاردە و رووداوە سیاسییەكانی ناوخۆ و هەرێمایەتی و جیهانی دەدەین، ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتنە لە واقیعی سیاسی وڵات و پەیوەندی ئەم واقیعە سیاسییە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی .

زمانی شرۆڤەكردنی سیاسی چەند تایبەتمەندییەكی هەیە وەك :

- نابێت زیادەڕۆیی تیابێت .
- بەڵگە بۆ بۆچوونەكانی بێنێتەوە .
- دووركەوتنەوە لە زمانی سۆز و ئەدەبی وەیا زمانی زانستی وشك .
- دووركەوتنەوە لە ئاراستەكردنی راستەوخۆ وەیا گوتار پێشكەشكردن یان رازیكردن بە ترس وەیا تۆمەت بەخشینەوە بە بێ زانیاری .
- بەكارهێنانی زاراوەی تایبەت بە بواری سیاسەت كە ناسراو و باون .

شرۆڤەکردنی سیاسی (تێگەیشتنی وردە دەربارەی ڕێڕەوی ڕووداو و درکپێکردن بە هۆکار و پاڵنەرەکانی)، ئاشکرایە شرۆڤەکردنی سیاسی لە واتە لە دوو کەرت پێکهاتووە :

أ- شرۆڤەکردن پێویستی بە زانیارییە، بۆیە دەبێت زانیاری وردمان دەربارەی ئاراستەی ڕووداوەکە هەبێت، پێویستە سەرەتا بپرسێت (چی ڕوودەدات)؟ واتە زانیاری قووڵ و شاراوەی دەربارەی ڕووداوەکە پێویستە هەبێت، بە لایەنی کەم بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

- شارەزابوون لە لایەنی مێژوویی .
- پەیوەندی رابردوو لەگەڵ باری ئێستا .
- درکپێکردن بە سروشتی کەسایەتییەکان.
- ئەو دەوڵەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکە هەیە .

ب- پاڵنەر و هۆکارەکانی دەستنیشان بکات و پێویستە بتوانێت وەڵامی پرسیاری (بۆ رویدا؟) بداتەوە و بەدوای هۆکارە شاراوەکاندا بگەڕێت و ئەمەش تایبەتە بە پسپۆڕانی ئەم بوارە (٣) .

## ١-٣- قوتابخانەکانی شرۆڤەکردنی سیاسی:

### ١-٣-١-قوتابخانەی ئایدیۆلۆجی:

شرۆڤەکردنی سیاسەتە لە ژێر رۆشنایی ئایدیۆلۆجییایەکی دیاریکراوکە باوەڕی پێیەتی و داکۆکی لێدەکات، بۆ نموونە ئەو شرۆڤەکارە سیاسییەی پێی وایە ململانێی ئاینی مێژوو دەجولێنێتەوە و هۆکاری هەموو ڕووداوەکانە و دەبینین هەمووکێشە و ڕووداوەکانی نێوان دوو چین دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی ئاینی و پێی وایە ئەم شرۆڤەکردنیە کلیلی چوونە ژوورەوە و داخستنی ڕووداو و لێکدانەوەکانە (٤)

### ١-٣-٢- قوتابخانەی نەتەوایەتی :

ئەم قوتابخانەیە لە روانگەی دیاردە و ڕووداوەکان لە چوارچێوەی نەتەوایەتی شیدەکاتەوە و پێی وایە نەتەوایەتی کرۆکی کێشەکانە، کە لە ئەنجامی بەربەرەکانێ و ململانێی ئەم نەتەوانە دێتە ئاراوە (٥) .

### ١-٣-٣-قوتابخانەی واقیعی :

ئەم قوتابخانەیە واقیع بە سەرچاوەی یەکەم وکۆتایی شرۆڤەکردنی سیاسی دادەنێت، پێی وایە یەك هۆکار نییە بۆ ڕووداوەکان، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری واقیعی هەن و ناتوانین رۆڵی ویست و ئارەزووی تاکەکەسی و مێژوو دوربخرێتەوە لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی و تێگەیشتن لە ڕووداو و دیاریدەی سیاسی و بابەتە سیاسییەکانی تر هەروەها ناتوانین رۆڵی نێوان وڵات و نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان

بەدوور بگرین لە روداوی سیاسی و قولبوونەوەی کێشەکان [٦] .

## ١-٤- جۆرەکانی شرۆڤەکردنی سیاسی :

شرۆڤەکردنی سیاسی کردەی ڕێکخستنی چەند زانیارییەکی دیاریکراو دەگرێتەوە.

١-٤-١ : شرۆڤەکردن بە پێی ناوەرۆك: جۆرەکانی ئەم شرۆڤەکردنە (وەسف،لێکدانەوە، پێشبینیکردن، ئاڕاستەکردن) دەگرێتەوە [٧].

### ١-٤-١-١- شرۆڤەکردنی وەسفی :

سادەترین جۆری شرۆڤەکردنە و تیایدا رووی دەرەوەی دیاریدەکە وەسف دەکات بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری پێکهاتی ناوەوە وەك : بەدواداچوونی کاتی لە ڕێگای ڕێبازی مێژوویی یان شرۆڤەکردنی سیستەمی سیاسی لە ڕێگای شێوازی یاسایی یان شرۆڤەکردنی یەکێ لە رووداوەکان وەك : (خۆپیشاندان- ناسەقامگیری سیاسی) بۆ زانینی تایبەتمەندییە چەندێتی و چۆنییەتی لە ڕێگای شێوازی ئاماری، بەم پێیە شرۆڤەکردنی وەسفی تەنها لە سنووری وەسفی چوارچێوەی دەرەکی دیاردەکە شیدەکاتەوە .

### ١-٤-١-٢- شرۆڤەکردنی لێکدانەوەیی :

لەم شرۆڤەکردنیە لێکدانەوە بۆ دیاریدەکە دەکات و دەیەوێت بە قوولی لە دیاریدەکە بگات و دۆزینەوەی سروشتی دیاردەکە و گەیشتن بە کرۆکی مەسەلەکە وەك هەولدان بۆ لێکدانەوەی هۆکاری (خۆپیشاندان) تەنها لەسەر وەسفکردن ناوەستێت، بەلکو هەولی دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەکرێت وەك بەستانەوەی خۆپیشاندان بە گەندەلی یان بەستانەوەی سەقامگیری بە دەسەلات وەرگرتنی چینی ناوەند ... هتد .

### ١-٤-١-٣- شرۆڤەکردنی پێشبینیکردن :

ئەم شرۆڤەکردنیە لە سنووری وەسف و لێکدانەوەی هۆکار ناوەستێت، بەلکو پێشبینی بۆ رووداوەکەش دەکات و بۆچوونی خۆی تیا دەردەبڕێت کە بە درێژکراوەی مەسەلەکە دادەنرێت، بۆ نموونە دووبارەبوونەوەی خۆپیشاندان دەشێت پێشبینی و ئەگەری گۆڕانی سیاسی بەدواوەبێت و زیاتربوونی تیرۆری نێودەولەتی دەشێ پێشبینی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی هەندێ دەولەت بکرێت کە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی نێودەولەتی هەیە .

### ١-٤-١-٤- شرۆڤەکردنی ئاڕاستەکردن :

لەم شرۆڤەكردنە پلانی گونجاو بۆ رووبەڕووبوونەوە وەیا ڕێگرتن یان كۆنترۆڵكردنی دیاردەكە دادەنرێت بە پێی بەرژەوەندی كۆمەڵ، بۆ نموونە شەڕی ئەمریكا دژ بە تیرۆر لەم سۆنگەوە هاتووە هێزە ئیسلامییەكان بەرەو بەهێزبوون دەچن و سەرچاوەی وزە كۆنترۆڵدەكەن .

دەتوانرێت شرۆڤەكردن بۆ زۆر جۆری تر دابەشیكرێت وەك، شرۆڤەی گشتی (ماكرۆكوزمی) و شرۆڤەی كەرتی (میكرۆكوزمی)، یەكەمیان دیاریدەی گشتی چارەسەر دەكات وەك: سیستەمی سیاسی یا چەمكی دادپەروەری،...هتد. دووەمیان تایبەتە بە شرۆڤەكردنی كەرتێكی دیاریدە گشتییەكە وەك رۆڵی سیاسەت لە دادوەری كۆمەڵایەتیدا .

دیسان دەتوانین شرۆڤەكردنی سیاسی بە پێی كۆمەڵگاو و شارستانیەت دابەش بكەین وەك، شرۆڤەكردنی سیاسی ئەمریكی، تەوەرەكەی بریتییە لە سیستەمی جیهانی نویێ و سەركردایەتیكردنی ئەمریكا بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی و شرۆڤەكردنی ماركسی وەیا سۆشیالیستی .

## ١-٤-٢: شرۆڤەكردن بە پێی ڕێباز:

ئەم جۆرەی شرۆڤەكردنە بۆ چوار جۆر دابەشدەبێت :

### ١-٤-٢-١- شرۆڤەكردنی ئەندازەیی:

ئەم شرۆڤەكردنیە، پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت،كە مرۆڤ لە ڕێگای هەستەكانییەوە وەریدەگریت، لە ئەنجامی ژیان بەسەردنی لەو كۆمەڵگایە، ئەم شرۆڤەكردنە بەدوای ئامانجی راستی مەسەلەكەدا ناگەڕێت، بەڵكو بۆ رەوایی پێدانە بە هەڵوێستێكی سیاسی یان بڕیارێكە، كە پێشتر وەرگیراوە لە ڕێگای كۆكردنەوە و خستنەڕووی زانیاری، تەنها ڕێگە بە هاتنەدی ئامانجەكەیان دەدەن،كەواتە ئەم جۆرە شرۆڤەكردنە لایەنگیری پێوەدیارە، لەلایەن دەزگاكانی حكومەت و پارتەسیاسییەكان و هەوالگری و راگەیاندنەكانی دەسەڵات پشتیوانی و لایەنگیری ئەم جۆرە راگەیاندنە دەكەن و نزیكە لە شێوازی نوسینی راپۆت، چونكە پشت بە ئەندازەی كۆكردنەوەی زانیاری دەبەستێت، جەخت لەسەر ئامانجی توێژەر دەكات و پشت لە لایەنی زانستی دەكات، پەرتوكی(ئەمیر)ی (میكاڤیلی) نموونەی ئەم جۆرە شرۆڤەكردنەیە(٨) .

### ١-٤-٢-٢- شرۆڤەكردنی سیاسی لۆجیكی:

پشت بە توانای دەرهێنانی بەرەنجام و دەرنجام دەبەستێت لە ڕێگای پێشەكییەكان،

شرۆڤەکاری سیاسی تیایدا دەگاتە بۆچوون و بیروڕایەك، دەربارەی هەندێ مەسەلە سیاسییەکان، ئەم شرۆڤەکردنە دوو شێوەی هەیە :

یەکەم : شرۆڤەکردنی دەرەنجامی :

ئەم جۆرەی شرۆڤەکردن پێی دەڵێن : شرۆڤەی لۆجیکی وەیا ئەقڵی یان فەلسەفی یان خودی یان نموونەیی، ئەم شرۆڤەیە بۆ گەیشتن بەڕاستی پشت بە بەڵگەی ئەقڵ دەبەستێت دوور لە واقیع و پێدراوە ئەزموونییەکان، ئەم جۆرەی شرۆڤە بەکاردێت بۆ توێژینەوە سیاسییەکانی پەیوەست بە بەها و بنەما و دەستوور و حکومەتی نموونەیی و بیری سیاسی و هەر هەمان شرۆڤەی فەلسەفی و یاسایی و بیرکارییە، پشت بە ئەقڵ و دەرەنجام دەبەستێت بۆگەیشتن بە ئەنجام، پەرتوکی (کۆمار)ی (ئەفلاتون) و (Leviathan) ی (هوبز) و (حکومەتی شارستانی) ی (لۆك) نموونەی ئەم جۆرە شرۆڤەکردنەن [٩] .

دووەم : شرۆڤەکردنی بەرەنجامی :

ئەم جۆرەی شرۆڤە بەزۆری لە زانستە سروشتییەکان و لەگەڵ هەندێ لایەنی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێت، ئەم شرۆڤەیە پشت بە پرۆسەی ئەزموون و تاقیکردنەوە نابەستێت، هەر بۆیەش بە شرۆڤەی بابەتی و ئەزموونگەرایی ناسراوە، کاریگەری توێژەر لەسەر ئەم شرۆڤەکردنە نییە و بوار دەڕەخسێنێت بۆ بابەت،کە لە خودی خۆی بدوێ و راستی خۆی دەربخات و دوور لە کارتێکەرە دەرەکییەکان [١٠].

## ١-٤-٢-٣- شرۆڤەکردنی زانستی:

شرۆڤەکردنێکی بابەتییە و پشت بە زانین و تێگەیشتنی سیاسی دەبەستێت، لە ڕێگای دەرەنجامەوە،راستییەکەی تاقیکراوەتەوە[١١].

ئەم شرۆڤەیە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە (تاقیکردنەوە، ئەبستراککردن)، لەگەڵ زاڵبوونی تاقیکردنەوە و دانانی بە بنچینەی شرۆڤەکردن، لەگەڵ بوار رەخساندن بۆ ئەقڵ،کە ببێتە پاڵپشت بۆ پرۆسە ئەقڵییەکان ، وەك وێناکردنی گریمانە وگشتاندنی ئەنجام و داڕشتنی یاسای زانستی، بە کورتی ئەم جۆرەی شرۆڤە لەسەر تێبینی و پرۆسە ئەقڵییەکان بنیاتنراوە،کە زیاتر رەواجی هەیە لە نەریتی زانستی سیاسی هاوچەرخدا، چونکە زۆر بابەتییە و وردە لە دەربڕین و قووڵە لە لێکدانەوە و روونکردنەوە [١٢] .

لەم باسەدا هەوڵم داوە پشت بەم جۆرە شرۆڤەکردنە ببەستم، چونکە وردترین پرۆسەی شرۆڤەکردنە .

## ١-٥-گوتار و سیاسەت:

شرۆڤەکردنی رووداو لە شرۆڤەکردنی گوتارەوە دەست پێدەکات، چونکە گوتاری سیاسی سەرچاوەی زانیاری فەرمی دەوڵەت و دەزگا و پارتەکانە، بۆیە لەم

تەوەرەیەدا باس لە پەیوەندی گوتار و سیاسەت دەكەین،گوتار بەرهەمێكی فیكری مرۆڤە.گوتار پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە گرنگترینییان بریتین لە :

– سۆسێر:گوتار هاوواتای زاراوەی قسەكردنە [١٣]

– جۆن دێوی:گوتار زمانی بەكارهێنراوە، واتە خودی قسەكەرە [١٤] .

– هاریس: یەكەیەكی زمانییە و بەرهەمی قسەكەرە و سنووری رستە و پەیام تێدەپەڕێنێت [١٥].

– بنفیست: یەكەیەكی زمانییە لە سەرووی رستەوەیە و بەرهەمی زمانی كۆمەڵێكە، هەروەها پێیوایە هەر دەربڕینێك یان كردەیەكی قسەكردن گریمانەی گوێگر بكات و مەبەستی كاریگەركردنە سەر بەرامبەر بێت دەبێتە گوتار [١٦]

– جۆلیا كرستیڤا: هەر دەربڕینێك لە پێكهاتەكەیدا نێنەر و وەرگری هەبێت و مەبەستی نێنەر كاریگەری بێت لە وەرگر ئەوا دەبێتە گوتار [١٧] .

بەم پێیە بۆمان دەردەكەوێت (دەوروبەر، دەربڕین، كاریگەری) بنەمای گوتار پێكدێنن .

گوتاری سیاسی جۆرێكە لە گوتار و بكەری سیاسی پێی هەڵدەستێت و لە لایەن جەماوەرەكەی گوێی لێگیراوە و چاوەڕوانی هەڵوێستی لێدەكات و لە هەمان كاتیشدا هێز و دەسەڵات دەنوێنێت، دەسەڵات، بە كرۆكی گوتاری سیاسی دادەنرێت، چونكە قسەی تاكەكەس نییە .

گوتاری سیاسی هەڵگری پەیامێكە و بڵاوكردنەوەی ئایدۆلۆجیایێكە وەیا ورووژاندێكە لەپێناو كردە، سەرەڕای ئەمانەش جەختكردنەوەیە لە ناسنامەی گوتابێژ لە پێناو راكێشانی گوێگر وەیا جەماوەر [١٨].

گوتاری گەیاندن درێژ دەبێتەوە بۆ گوتارەكانی راگەیاندن و دەزگاكان و گفتوگۆی پەرلەمان و یاسادانان... هتد. [١٩]. ئەوانەش هەموویان بە رای (ئۆلیڤەر رۆمبۆل Olivier Romboul ) شەرعیەت بە دەسەڵات دەدەن [٢٠] گوتاری سیاسی گوتارێكی رازیكردنە ئامانجی ئەوەیە لە رێگای ئەرگۆمێنت گوێگر رازیبكات و دان بە ڕاستی داوا و بۆچوونەكانی بكەری سیاسی بنێت، بۆیە (لاسۆیل) پێی وایە لێكۆڵینەوە لە سیاسەت لێكۆڵینەوەیە لە كاریگەری و كاریگەری كردنە سەر وەرگر [٢١] .

گوتاری سیاسی تەنها هەڵگری پەیام و بڵاوكردنەوەی ئایدیۆلۆجی و جولاندنەوە لە پێناوكارێك نییە، بەڵكو جەختكردنە لەسەر ناسنامەی گوتاربێژ بۆ ئاسانكردنی تێكەڵاوبوون لەگەڵ گوێگر [٢٢] بۆ نموونە تەلەفزیۆنی ئەمریكی سوودی لە

سەرنجڕاكێشی (جۆن كەنەدی) وەرگرت و كەسایەتییەكەی وایكرد كورسی دەسەلآت وەربگرێت (٢٣) لەم سەردەمەی ئێستادا سیاسەت بایەخێكی گرنگی هەیە، چونكە ژیانی خەلكی پێوە بەندە، سیاسەت بریتییە لەو دەسەلآتەی كۆمەلگا ناچادەكات لە رووی شەرعییەت (Legitimacy) و دەسەلآت

## تەوەرەی دووەم : تێڕوانینێكی پراگماتیكی بۆ شرۆكردنی سیاسی :

## ٢-١-كەرەستەكانی شرۆڤەكردنی سیاسی :

شرۆڤەكردنی سیاسی بنەمایەكی گرنگە بۆ چەسپاندنی دیموكراتییەت، چونكە كاتێك مەسەلەیەك چارەسەر دەكات گریمانەی هەموو ئەو بۆچوونانە دەكات،كە لە مەسەلەكەدا خۆی دەسەپێنێت، بەمەش ئازادی بەشداریكردن بە یەكسانی و دەربڕین بەرجەستە دەكات بۆ هەموو فەراهمكردنی بیرورایەك لە بەرژەوەندی گشتی، ئامانج لە هێنانەكایەی بیرورایەك لە شرۆڤەكردنی سیاسی پالپشتیكردنی لایەنێكی دیاریكراو نییە بەرامبەر بە لایەنێكی دیاریكراویتر، بەلكو زیاتر ئامانج

### ٢-١-١- ژینگەی ناوەوە :

چوارچێوەی رووداوەكە دەگرێتەوە و دەتوانین تێڕوانینی بۆ بكەین لە رێگای هەندێك هێز كارلێك دەكەن و یەكتر پێی پابەندبن، بە واتایەكی تر لێكۆلینەوەیەكی كارەكی دابەشكردنی دەسەلآتە بۆ بەها جۆراوجۆرەكان لە پێناو كۆمەلگا یان لێكۆلینەوەیە لە بەرژەوەندی یان خاوەن بەرژەوەندی لێكۆلینەوە دەكات لە رووی چەندێتی و چۆنییەتی بەرژەوەندییەكە (٢٤) .

گەیشتنە بە پێشبینییەك، چی لە ئایندەدا روودەدات و زانینی ئەو لایەنەیە،كە لە ئایندەدا دەگاتە لوتكە، ئەمەش لە رێگای ئاماری بابەتی و ئەنجامی پێوەختە و نیشانە و بەلگەی پێویست دەبێت لەگەل وردی ئەو زانیارییانەی،كە شرۆڤەكاری سیاسی دەیانخاتەڕوو .

ژینگەی قسەكردن كاریگەری زۆری هەیە لەسەر كردەی ئاخاوتن و زۆر جار دەبێتە هۆی راستكردنەوە یان گۆڕانی بار و دۆخ، شرۆڤەكردنی سیاسی دركپێكردن بە ژینگەی سیاسی دەگرێتەوە بە هەردوو رەهەندی ناوە و دەرەوە لەگەل ئەو چەمك و میكانزمانەی رووداو دادەرێژن و بڕیار دەردەكەن :

رادەكێشن بۆ ئەوەی لە نێوانیاندا وێنەیەكی گشتی و چوارچێوەی سیاسی و فیكری دەولەت دەكێشرێت كە بریتین لە : هێزە سیاسییە سەرۆكایەتییەكان، هێزە

ئاسایشییەکان، هێزە سەربازییەکان، هێزە فیکری و ئاینییەکان. ئەم هێزانە رۆڵ و پێگەی خۆیان بەکاردێنن و لە نێوان خۆیاندا لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی کارلێك دەکەن .

## ٢-١-٢- ژینگەی دەرەوە :

ژینگەی دەرەوە چوارچێوەی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، ئەم ژینگەیە دابەش دەبێت بۆ :

ژینگەی هەرێمایەتی (وڵاتە دراوسێکان) لە رووی جوگرافییەوە دەگرێتەوە، ژینەگەی دەوڵەتەکانی تر (هەموو وڵاتانی تر دەگرێتەوە). دوو زاراوە بە بنچینەی تێگەیشتنی پەیوەندی نێودەوڵەتی دادەنرێن کە بریتین :

یەکەم : (هێز) بە هەموو جۆرەکانی : سیاسی، ئابووری، مرۆیی، زانستی...هتد .

دووەم : بەرژەوەندی نیشتیمانی: بەهایەکە کاریگەری زۆر لای جەماوەر و پەسندە و بریتییە لە شتێکی مادی و رادەیەکی زۆر چێژ دەبەخشێت [٢٥] .

شرۆڤەکردنی سیاسی خۆی بە دوور دەگرێت لە بچووککردنەوە و گەورەکردنی مەسەلەکان هەروەها خۆی بەدوور دەگرێت لە زمانی هەست و سۆز، دیسان خۆی دوور دەخاتەوە لە گوتار و تەکنیکی رازیکردن و ترساندن و تۆمەت بەخشینەوە . کەرستەکانی شرۆڤەکردنی سیاسی بریتین لە :

١- پاشخانی مەعریفی .
٢- پێدراوەکانی نەخشە و واقیعی سیاسی.
٣- سەرچاوەی هەواڵی نوێ وەك : راپۆرت و ئامار و لێکۆڵینەوە .
٤- سەرچاوەی زانیاری تایبەت بە پێی شارەزایی و توانای خۆی .
٥- ئامار و چاوپێکەوتن و وەرگرتنی نموونە .
٦- کات و بارودۆخی رووداو واقیع .
٧- بەدواداچوون و رووماڵی راگەیاندنی مەیدانی .
٨- رێگای زانستی و تیۆرە ئەکادیمییەکان.
٩- ئامادەبوونی مەیدانی راستەوخۆ .
١٠- بەکارهێنانی کەرستە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی [٢٦] .

## ٢-٢- میکانزمی شرۆڤەکردنی سیاسی :

شرۆڤەکردن لە ئەنجامی دوو هۆکار دێتە ئاراوە، کە بریتین لە (لێڵی رووداو و کەمی زانیاری)، شرۆڤەکردن سیاسی خستنەرووی بارودۆخ و رووداو نییە، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی بابەتە بۆ چەند تەوەرەیەك، هەروەها درکپێکردن و تێگەیشتنە لەوەی روودەدات و ئەوەی لە ئایندە روودەدات بۆ گەیشتن بە بۆچوونێك یارمەتی دەربێت بۆ دورستکردنی بڕیار و

چارەســەركردنی كێشــە و دیاریــدەكان .
شــرۆڤەكردنەكان زۆرن وەك : شــرۆڤەی وەرزشی و شرۆڤەی ئـابووری و شـرۆڤەی دەروونی و شرۆڤەی كۆمەلاّیەتی و... هتد،
لەم سەردەمەی ئێستاماندا پێویستییەكی زۆرمـان بـە شـرۆڤەكردنە، چـونكە زمـان هۆیەك نییە بـۆ گواسـتنەوەی مەبەسـت بـە روونی و لــە هــەمان كاتیشـدا گـوێگریش كەسێكی بێ ئاگا نییە (٢٧). چەندین پرسـیار لای ســەرهەلّدەدات هەربۆیــە گوتارەكــان پێویست بە شرۆڤەكردن دەكات تـا لایەنـە شاراوەكانی نێو گوتار بخرێتەڕوو. میكانزمی شرۆڤەی سیاسی بە سێ قۆناغی گەورە وەیا سێزدە قۆناغی بەدوایەكداهاتوو تێپەڕدەبێت كە بریتین لە : .

## ٢-٢-١- دركپێكردن بە مەسەلە و پێناسەكردنی :

بابــەتی شــرۆڤەكار دەبێــت روون و دیاریكراو بێـت نـەك لێـل و تەمومـژاوی، دەبێت شرۆڤەكار درك بە مەسەلەكە بكات و بتوانێت پێناسەی بكـات، ئـەم قۆناغـەی شرۆڤە دابەش دەبێتە سەر چەند قۆناغێك :

١- دركپێكــردن و ئاگــاداربوون لـــە مەسەلەكە .

٢- كۆكردنـەوەی زانیـاری تـا شـارەزایی تەواومان دەربارەی هەبێت .

٣- پێناسەكەردنی مەسـەلەكە لـە رێگـای وەلاّمی ئەم پرسیارانەی خوارەوە :

- كێشــە چــییە ؟ بــیر لـــە كاریگــەری و ئەنجامی بكەرەوە ؟
- چــی رودەدات كــە پێویســت نــەبوو رووبدات ؟
- چۆن مەسەلەكە گۆڕا ؟
- رادەی كاریگەری چییە ؟ و لەسەركێ؟
- لە كەیەوە سەریهەلّداوە ؟ ئایـا دووبـارە دەبێتەوە ؟ گۆڕانكارە نوێیەكان چین ؟
- كاریگــەری لەســەر دۆخــی نــاوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانی چییە ؟
- كاریگەری بنـەماكانی (دۆخـی نـاوخۆ، هەرێمایەتی،جیهانی) لەسەری ؟
- پێویســـتە چـــی بـــزانین تـــاكو ڕایـــەك دورستبكەین ؟

٤- دیاریكردن و سنووردانان و پێوانە بـۆ مەسەلەكە :

- ئایا مەسەلەكە ترسناكە، ئایا كاریگـەری نەرێنی گەورەی هەیە ؟
- ئایا زۆر دووبارە دەبێتەوە، واتە داخراوە یان كراوەیە ؟
- سنووری چییە ؟ مەبەستدارە ؟ یـان لـە خۆوەیە ؟ كاریگەری لەسەر ئایندە هەیە ؟
- كاریگــەری لەســەر ئاینــدە هەیــە ؟ دەتوانرێــت كــۆنترۆلّ بكرێــت ؟ یــان لەدەسەلاّتدا نییە ؟
- مەسەلەكە بە چ پێوەرێـك دەی پێـوین ؟ (٢٨).

شـــرۆڤەكاری سیاســی دەبێــت ئامــانجی دیاربێــت و گرنگــی بــە بابــەت بــدات و بەدوایـــدا بگـــەڕێت و سەرچـــاوەكەی بدۆزێتەوە و بنەما سەرەكییەكانی شیبكاتەوە و زیــاتر بچــێتە نــاو تایبەتمەندییــەكانی و لێكۆڵینەوەی وردی لەسەر بكات و بەها و نرخی مەسەلە وەیـا هەواڵەكـە بزانێت،كـە پەیوەندی بەكورتی و درێژی هەواڵەوە نییە، بەڵكو پەیوەستە بە بڕی زانیاری لــە رووی چۆنییەتییەوە .

## ٢-٢-١-٢- شـــــرۆڤەكردنی مەسەلە بـۆ تـەوەرە و دۆزینـەوەی هۆكارەكان :

گوتار پێویستە دابەشـبكرێت بـۆ چـەند تەوەرەیـــەك یـــان بیرۆكەیـــەك و دەبێـــت تــەوەرەكان رێكوپێــك بــن و بیرۆكــەكان یەكتر تەواو بكـەن، دەبێـت جیـاوازی لـە نێوان وشە و چەمك بكرێت و نابێت هـیچ وشەیەك فەرمۆش یكرێت،كە مانای نەزانین و دەبێت بیرۆكەكان بـە وردی بشـكنرێت .دیسان دەبێت زۆر بە وردی پشـكنین بـۆ داڕشــتنی رســتەكان بكرێــت بــە تایبــەتی رستەكانی نەرێ و رەتكردنەوە .

ئەم قۆناغەی شرۆڤە دابەشدەبێت بۆ چـەند قۆناغێكی تری لاوەكی كە بریتین لـە :

١- تێگەیشتن لە مەسەلەكە و دڵنیابوونەوە لــە بەرچــاوڕوونی و چاوخشــاندنەوە بــە پێناسەكەی، پێش ئەوەی دەست بكـەین بـە شرۆڤە نابێت تۆمەت ببەخشینەوە بە راست و چەپ و نابێت پەلە بكەین لە دیاریكردنی هۆكار و خستنەرووی چارەسەر و پێشـنیاز و دوابڕیار، بەڵكو پێویستە بـە بـەردەوامی پێداچـوونەوە بـە بیرۆكەكانمانـدا بكـەین و راستیان بكەینەوە تا بتوانین پێناسەی بكـەین ، لـــەم قۆناغـــە دەبێـــت وەڵامـــی چـــەند پرسیارێك بدرێتەوە :

-كێن ئەوانەی رووداوەكەیان ئەنجامداوە و كاریگەری لەسەركێ و چی دورستكردووە ؟

- لــە كــوێ روودەدات ؟ بــەربڵاوە یــان قەتیس ماوە ؟

- كـەی روودەدات ؟ كـاتی دیـاریكراوی هەیە ؟

٢- كاریگەری لەسەر مەسەلەكە :

لەم قۆناغـەدا بـاس لـە بنـەماو هۆكـاری رووداوەكــان دەكرێــت و پێویســت بــەم هەنگاوانەی خوارەوە دەكات :

- دۆزینـــەوەی هۆكـــاری رووداو یـــان مەسەلەكە .

- هۆكـارە ناوخۆییـەكان چـین ؟ واقیـع و كەس و بیرۆكە دەگرێتەوە .

- هۆكـارە دەرەكییـەكان چـین ؟ وڵاتـە دراوسێكان و وڵاتانی تر دەگرێتەوە .

- تێگەیشتن لە مەسەلەكە .

– دركپێكردن بە گۆڕاوەكـان و ئەوانـەی كاریگەرییان هەیە لەسەر مەسەلەكە .

– دیاریكردنی بۆچوون .

– دۆزینەوەی ستراتیجییەت و سیاسەت بۆ چارەسەركردنی مەسەلەكە .

٣– دۆزینـەوەی لایـەنی پەیوەندیـدار بـە مەسەلەكە :

– ئایـا دۆسـتن (نـاوخۆ، دراوسـێ، نێودەوڵەتی) ؟

– ئایـا دوژمـنن (نـاوخۆ، دراوسـێ، نێودەوڵەتی) ؟

– ئایـا بێلایـەنن (نـاوخۆ، دراوسـێ، نێودەوڵەتی) ؟

٤– دیـاریكردنی بنـەما بـەهێز و بێهێـزی لایەنە پەیوەندیدارەكان :

– بـەهێزی و بێهێـزی لایـەنی پەیوەندیـدار چییە ؟

– لە كوێیە ؟

– كەی دورستبووە ؟

## ٢–٢–١–٣– بەكارهێنانی زانیاری لـــە خزمـــەتی شـــرۆڤەكردن و دۆزینەوەی پەیوەندی تا گەیشتن بە دەرەنجام :

دەبێـت ئـەو زانیارییانەی،كـە وەریـان دەگرێـت لـــە رووی سەرچـــاوەوە بـــاوەڕپێكراوبن وەیـا بێلایـەنبن و زیـاتر لەسەرچاوەك باسی كردبن و راستبن، پـاش

– ژینگەی دورستبوونەكەی چۆن بووە ؟

– چـۆن دەتوانرێـت بەهێزییەكـە گـەورە بكرێت ؟

– چـۆن دەتوانرێـت رووبـەڕووی بنـەما بێهێزییەكان ببینەوە ؟

– لەكوێ و چۆن ئەم بنەمایانە بەكاردێنین ؟

٥– دیاریكردنی هۆكاری كێشە:

پێویسـتە ئـەو هۆكارانـەی كـە بـیری لێدەكەینەوە وگریمانەمان بۆكردووە تۆمـار بكەین و پشـكنینی بۆبكـەین . ئەمـەش لـە رێگای (هۆكار – ئەنجام) دیاریدەكرێت .

٦– بۆچوون و پەیەوەندی و چارەسەر :

دەبێت بە دورستی گەیشتبینە وەڵامی:

– ناونیشانی رووداو ( بۆ ؟)

– كەسەكان (كێ ؟)

– كات (كەی ؟)

– شوێن (لە كوێ ؟)

– درێژەی رووداو (چۆن ؟)

– تێبینی و هەڵسەنگاندن (بۆچ ؟) [٢٩] .

ئەوەی شـرۆڤەكار زانیـاری و وردەكـاری پێویسـت بەدەسـت دێنێـت، ئـەوا قۆنـاغی بـەكارهێنانی ئـەم زانیارانـە دێـت، تـاكو هەموویان بەیەكەوە ببەسـتێتەوە بـۆ ئـەوەی وێنەیـەكی نزیـك لـە واقیـع بخرێتـە روو و هۆكار و پاڵنەرەكانی بخاتە ڕوو و بەڵگـەی پێویستیشی لەسەر قسـەكان هـەبێت و بـە جۆرێـك شـرۆڤەكردنكەی دەرەنجـامێكی

لۆجیكی بەدەستبێنێت. ئەم قۆناغە بە چوار قۆناغی تر تێپەڕ دەبێت كە بریتین لە :

١- بریتییە لە یەكتربڕینی بازنەی شرۆڤە و زانیاری و دووبارە لێكدانەوەی بنەماكان و خستنەڕووی بە شێوەیەكی نوێ .

ڕێكخستنی زانیاری دەگرێتەوە لەڕووی لۆجیكییەوە و ڕیزكردنی بەپێی گرنگی و دواتركەموكوڕییەكان پڕبكرێنەوە و كۆدەكان بكرێنەوە و زانیارییەكان لێكبدرێن، چەند پرسیارێك لە خۆمان بكەین :

- لەم شرۆڤەیە چیمان دەوێت ؟
- دەمانەوێت بگەین بە چی ؟
- چۆن بابەتەكان بەیەكەوە دەبەستینەوە ؟
- تێڕوانین و تێگەیشتنمان چۆنە ؟ ئەو ڕێباز و پێوەرانە چین، كە پشتیان پێبەستراوە ؟

بۆ ئەم مەبەستە دەبێت كەسی شرۆڤەكار پاشخانێكی دەوڵەمەندی هەبێت لە :

أ- ڕێبازەكانی بیركردنەوە:كە ڕێبازەكانی فەلسەفی و دادگایی و مێژوویی و واقیعی سیاسی دەگرێتەوە .

ب- جۆری ئایدیۆلۆجیا و بیركردنەوە، وەك : ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و عیلمانی و ...هتد .

ج- تێگەیشتنی سیاسی : پیلان و ململانێی شارستانییەتییەكان و ململانێ ئاینی و تایفی و عرقییەكان و ئابووری سیاسی و ئیمپریالیزم و شۆرش دەگرێتەوە .

د- بەكارهێنانی پێوەر، پێوەرە لۆجیكییەكان بەكاردێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجام، كە دەرهێنانی ئەنجام و گواستنەوەی لە نەزانراوە بۆ زانراو [٣٠] .

بە بەڵگەكردن (Reasoning) دووجۆرە :

یەكەم: بەبەڵگەكردنی ڕاستەوخۆ :

دەرهێنانی مەسەلەیەكە لە مەسەلەیەكی تر، بە پێی یاسا ئەقڵیە بنچینەییەكان، بە تایبەتی بنەمانی نەبوونی دژایەتی، بە چاوپۆشین لە ڕاستی و ناڕاستی پێشەكییەكان [٣١] .

دووەم : بە بەڵگەكردنی ناڕاستەوخۆ:

دەرهێنانی ئەنجامە لە زیاتر لە مەسەلەیەك، لە ڕێگای پرۆسەیەكی ئەقڵی و یاسا لۆجیكییەكان [٣٢]. لۆجیك پێوەرە بۆ دەستنیشانكردنی بەبەڵگەكردنی ڕاست و ناڕاست، بە بەڵگەكردنی ناڕاستەوخۆ دوو شێوەی هەیە :

یەكەم:بە بەڵگەكردنی دەرەنجامی (Deductive Reasoning) : ئەو ئەنجامەیەكە لە ڕێگای پێشەكییەك یان زیاتر پێی دەگەین و ئەنجام بچوكترە لە پێشەكییەكان [٣٣] وەك :

- مرۆڤ دەمرێت (پێشەكی گەورە)
- ژیار مرۆڤە (پێشەكی بچوك)
- ژیار دەمرێت (ئەنجام) .

- بەبەڵگەكردنی بەرەنجامی ( Inductive Reasoning) : ئەو ئەنجامەیە كە لە بەشەوە بۆ گشت دەڕین، واتە لە ئەنجامەوە بۆ

بنەماكان، وەیا لە تایبەتەوە بۆ گشتی [٣٤] وەك :

- ژیار و هەستیار و هانا دەمرن. (پێشەكی گەورە) .

- ژیار و هەستیار و هانا مرۆڤن. (پێشەكی بچوك)

- مرۆڤەكان دەمرن . (ئەنجام) .

دووەم : بەبەڵگەكردنی پێوانەیی (Analogical Reasoning) : ئەم جۆرەیان لە تایبەتەوە بۆ تایبەتە، لە ڕێگای بەراوردی پێوانەیی نێوان دوو شت وەیا دوو بار خاڵە لێكچووەكانیان دەخرێتە ڕوو بۆ گەیشتن بە ئەنجام و گواستنەوەی بڕیار لەیەكێك لە بارەكان بۆ بارێكی تر .

بەبەڵگەكردنی لۆجیكی لە سێ بنەمای سەرەكی پێكدێت كە بریتین لە :

أ- پێشەكییەك یان زیاتر كە پشتی پێدەبەسترێت بۆ ڕاستی ئەنجام .

ب- ئەنجام، كە لە پێشەكییەكان هەڵدەهێنجرێت .

ج- پەیوەندییەكی لۆجیكی، كە پێشەكی و ئەنجام بەیەكەوە دەبەستێتەوە [٣٥] .

٢- دیاریكردنی بۆچوون و تێڕوانین و هەڵوێست و تێڕوانینی شرۆڤەكار .

- دانانی سیناریۆی چاوەڕوانكراو .

- زانیارییەكان بە پێی سیناریۆكان پۆلین دەكرێت .

- تێبینی لایەنی جیاوازی و لێكچوونی سیناریۆكان دەكرێت .

- ئەو سیناریۆیانە دوور دەخرێنەوە، كە مەرجەكانی بەسەردا ناسەپێت .

- چەند سیناریۆیەك دەخرێتەڕوو، كە چاوەڕوان دەكرێت ڕووبدات بە پێی لێكدانەوەی (لۆجیك وئەقڵ) وئەگەری ڕوودانی هەبێت وگونجاوبێت لەگەڵ ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی دیاردەكە .

- دیاریكردنی سوود و زیانی هەر سیناریۆیەك لە سیناریۆیەكان .

٣- نووسین و هەڵسەنگاندن :

- سیناریۆیكان بە پێی ڕێزبەندی ئەگەری ڕوودانی ڕیزدەكرێت تا دەگاتە ئەو سیناریۆیەی، كە ئەگەری ڕوودانی زۆر كەمە و هۆكارەكانیش دەبێت دەستنیشانبكرێت.

- دیاریكردنی چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ سیناریۆكان .

- نابێت بڕیار لەسەر سیناریۆی زیاتر چاوەڕوانكراو بدرێت، چونكە ناڕاستە .

- نابێت بڕیار لەسەر سیناریۆی ترسناك بدرێت، چونكە بوونی ترس هەر هەیە و مرۆڤ ناتوانێ بەردەوام لەگەڵ ترس بژیت .

خستنەڕووی شرۆڤەكە لە ڕێگای هۆیەكانی ڕاگەیاندن بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگای ماڵپەڕە كۆمەڵایەتییەكان...هتد. هەریەك لەم تەكنەلۆجیانەش بەكارهێنانێكی جیاوازی

هەیە، چونكە مەبەست لێی خستنەروو و روونكردنەوە و تێگەیشتن و رازیكردن و كاریگەرییە [٣٦] .

دەتوانین بلێین پوختەی شرۆڤەكردن لە سێ پرۆسەی سەرەكی خۆی دەبینێتەوە (كۆكردنەوەی زانیاری و لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی لۆجیكی و دەرهێنانی ئەنجامی كۆتایی، ئەمیش لە رێگای :كۆكۆدنەوەی زانیارییەكان و دەرهێنانی دەرەنجام بەپێی زانیاری وەرگیراو و ئینجا لێكدان و كۆكردنەوەی زانیارییەكان ودەرهێنانی دەرەنجامی كۆتایی و نووسینەوەی راپۆرتی كۆتایی .




## ٢-٣- رۆڵی بیروباوەڕ لە شرۆڤەكردنی سیاسی :

شرۆڤەكردنی سیاسی وەك دراوێكی دوو روو وایە هەریەكەیان پرسیارێك لەخۆ دەگرێت، كە بریتین لە (چی رویدا؟) (بۆ رویدا؟)، بەڵام بابەتی نەبوونی شرۆڤەكاری سیاسی و تێكەڵكردنی لەگەڵ هەست و سۆز و ئایدیۆلۆجیا و بۆچوونی خۆی وی لێهاتووە پرسیارەكە بەم شێوەی خوارەوەی لێبێت :

- شرۆڤەكاری سیاسی چی دەوێت ؟

- بۆ شرۆڤەكاری وای دەوێت ؟

ئەمەش وادەكات، كە ئێستا بروخێنێت و ئایندە دورستبكات و مرۆڤی ئاسایی بخاتە گومانەوە، كێ تێكیدەدات؟ و بۆ؟ دەیەوی چی بكات ؟ بۆكێ ؟

زۆر جار مەرام مەبەستەكان لە شێوەی شرۆڤەكردنی سیاسی دەخرێتەروو و باس لە چەند سیناریۆیەك دەكەن تا رووداوەكە بەو ئاراستەیە ببات، كە خۆیان دەیانەوێت بە واتایەكی تر ئەقڵ ناچار بكەن، كە ئەنجامەكان قبوڵ بكەن . ئەمەش تەواو

لەگەڵ بۆچوونى پراگماتيك دەگونجێت،كە ئـەركى لادانـى تەمومـژ و خسـتنەرووى مەبەستە لە دەربڕيندا، هەروەك (فرانسـواز ئەرمينكۆ) ئاماژەى بۆ دەكات، پراگماتيـك گەڕانە بەدواى وەڵامى ئەم سێ پرسيارە :

- كێ قسە دەكات ؟

- بۆ كێ قسە دەكات ؟

- لە پێناو چى قسە دەكات؟(مەبەست)[٣٧].

مەبەستمان لە بيروباوەڕ ئـەو بۆچـوونەيە، كە هەڵقوڵاوى دڵ و دەروونى شرۆڤەكارە، بەردەوام ئامـادەبوونى هەيـە و كاريگـەرى زۆرى هەيە لەسەر ڕێڕەوى گۆڕانكـارى و رووداوەكان. شرۆڤەكردنى سياسى بە زۆرى لەم سەردەمەى ئێسـتاماندا ناگاتـە ئامـانجى خۆى، لەوانەش دوو هۆكارى گرنگ هەن كە بريتين لە :

أ- زمـــانى گوتـــارى سياســـى زمـــانێكى تاكەكەسييە،كاتێك كە زيادەرۆيى دەكـات لە شرۆڤەكردنى جولانـەوەى دەسـتەيەكى ديـــاريكراو و بيروڕايـــەك دەخاتـــەڕوو و پاڵپشتى لێوەدەكات و ئاماژە بۆ هێزەكەى دەكـات و ئەگـەرى نێگـەتيڤ دەخاتـەڕوو ئەگەر بۆچوونەكەى جێبەجێ نەكرێت، ئەوا زمانى شيكرنەوەكە مەبەستدارە و زمـانێكى ئاڕاستەكراو و بێلايەن نييە .

ب- جيـاوازى ئامـانج لـە شـرۆڤەكردنى سياسى و لادان لە ئامانجى سـەرەكى، كـە بريتييە لـە رونكردنـەوە و بەرچـاوڕوونى، تـاكو بگـەين بـە برِيـارى پێويسـت بـۆ كێشەيەك،كە خراوەتەڕوو لەناوكۆمەڵ بـۆ نموونـە زاڵكردنـى ئايديۆلۆجييـەت بەسـەر واقيع يان زياتر گرنگيدان بە مەسەلـەيەك و فەرامۆشكردنى ئەوانيتر .

## ٢-٤- توانســتى پراگمــاتيكى و شرۆڤەكردنى سياسى :

ئاشكرايە زمان دەربڕينە و دواتـر دەبێتـە كردە، گوتارى سياسى دەكەوێتە ژێربـارى كۆمەڵێك كۆمەڵێك پێوەرى كۆمەڵايەتى و ڕەوشـــتى و ئـــاينى، زۆر كـــردەى وەك فەرمانــدان و پەيمانــدان و نەرێى...تێدايــە، شرۆڤەكردنى پراگماتيكى گوتارى سياسـى توێژينەوەيەكى ناوخۆييە و جـەخت لەسـەر گۆكردن دەكـات و گوتـارى كاريگەرييـە هەروەك (غگيلـۆن Ghiglione) ئامـاژەى بـۆ دەكـات، چـونكە ئامـانجى كاريگەرييـە و وايلێـدەكات دەستپێشـخەرى بكـات يـان بيربكاتـــەوە يـــان بـــڕوا پەيـــدابكات، جەختكردنەوە لەسەر گۆكردن وادەكـات بكـەرى سياسـى كـۆتكراوى نوسـراوى بەردەستى نەبێت، چونكە بە خراپى بەسەرى دەشكێتەوە لەبـەر ئـەوەى ئێسـتا تـەكنيك بەرەوپێش چووە دەكەونە داوى كاميرا[٣٨].

شارەزاى كـەس وكۆمـەڵ دەگەڕێتـەوە بـۆ دەزگاكانى راگەياندن بـە پلـەى يەكـەم و خەڵك بە پلـەى دووەم [٣٩]، شـرۆڤەكردنى

سیاسی جیاکرنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەقی سیاسییە و دواتریش پێوانەکردنییەتی بۆ دیاریکردنی کارتێکەر و هۆکار و لێکەوتەی روداوەکان، تاکو بگەینە تێگەیشتنێکی تەواو، زمان لەم روانگەیەوە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کارلێککەرە و لە شرۆڤەکردن دا پێویستیمان بە سێ توانستە دەچنە قالبی زانینی سیاسی،کە خۆی لە سێ جۆرە زانیاری وەیا توانست دەبینێتەوە :

أ- : توانای درکپێکردن: درکپێکردن گرنگترە لە زانیاری و زانین دەربارەی روداو و شت، چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی هەموو سەرەداوەکان .

ب- توانای هەڵێنجانی دەرئەنجام .

ج- توانای دۆزینەوەی دەوروبەری گونجاو . بنەما نازمانییەکانی دەرەوەی ئاخاوتن جیاناکرێنەوە لە کردەی ئاخاوتن و بنەمایەکی سەرەکی بنیاتی واتایی پێکدێنێت [٤٠]. سەرەڕای ئەمانەی باسمانکرد

## ٢-٥- رەهەندی پراگماتیکی لە شرۆڤەکردنی سیاسی دا :

گوتاری سیاسی بەرهەمی دەزگایەکی سیاسییە یان بکرێکی سیاسییە، ئامانج لە گوتاری سیاسی رازیکردنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوە،کە پێگەیەکی سیاسیان دیاریکراویان هەیە [٤١].

شرۆڤەکاری سیاسی دەبێت زانیاری و پاشخانی سیاسی هەبێت کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

أ- خوێنەوەی پەرتووکی سیاسی .

ب- بەدواداچوونی هەبێت بۆ هەواڵ و راپۆرتی سیاسی و بە وردی چاودێری بکات .

ج- سەیری ئەرشیف و بڕوانامەی سیاسی بکات .

د- شارەزابوون لە مێژووی سیاسی .

ه- شارەزابوون لە یاسای نێودەوڵەتی .

هەموو ئەوانەش دەستەبەری شرۆڤەکردنێکی وردی رووداوی سیاسی دەکەن، هەروەها یارمەتیدەر دەبن بۆ شارەزابوون لە بارودۆخی سیاسی و بنەماکانی کاریگەر لەسەر رووداوی سیاسی هەروەها لە رێگای ئەم شارەزاییانەوە دەتوانرێت رووداوەکان بە کاردانەوە سیاسییەکان ببەسترێنەوە .

چوار بواری پراگماتیکی زۆر گرنگە بۆ شرۆڤەکاری سیاسی، شارەزابوون لەم بوارە یارمەتی شرۆڤەکاری سیاسی دەدات بۆ وردێتی و پێشبینیکردنی زیاتر، بوارەکانیش بریتین لە :

٢-٥-١-کردەی قسەیی :

ئەم کردەیە پێی وایە زمان هۆیەکە بۆ گۆڕینی رەفتار و بارودۆخ، پێشتر گوتمان

کاریگەری مەبەستی سەرەکی گوتارە، ئەم کاریگەرییەش بەدوور نییە لە کردەی گۆکردن و راپەڕاندن،کە لە کردەی قسەکردندا بەرجەستە کراوە، چونکە زوربەی کردە سیاسییەکان کردەی گوتارین واتە لە رێگای گوتارەوە بە سێ ئاست ئەنجام دەدرێت وەك :

ئاستی دەربڕین : بکەری سیاسی شتێك دەڵێت .

ئاستی راپەڕاندن : بکەری سیاسی کارێك بە قسە ئەنجام دەدات .

ئاستی کاریگەری : بکەری سیاسی کاریگەرییەك لای جەماوەر جێدێلێت [٤٢] .

**٢-٥-٢- مەبەستداری :**

گوتار دوو لایەنی هەیە، دیار و شاراوە، زۆر شت لە گوتاردا لادراوە و ئەوەی دەریدەبڕێت بەشێکە لە پەیامەکەی نەك هەموو پەیامەکە، بەم پێیە واتای شاراوە زیاترە لە واتای ئاشکرا، چونکە سیاسی زیاتر تەلمیع بەکاردێنێت و وەرگر لەسەریەتی درك بە واتاکەی بکات [٤٣]

(گرایس) پێی وایە قسەکەر رێگای زمانی گونجاو بەکاردێنێت بۆ رێکخستنی کردەی ئاخێوەر لەگەڵ کردەی وەرگر، لە رێگای راستی و لۆجیکی و روونی وکورتبڕی، ستراتیجییەتی بکەری سیاسی لە زۆر زانست وەردەگیرێت لەوانەش زانستی سەربازی و لە کۆمەڵێك یاسا و دەستوور

(روبین لاکۆف) پێی وایە سەرکەوتنی کردەی ئاخاوتن بریتییە لە ( بنەمای رێزگرتن ) [٤٤]. ئەوەی مایەی شرۆڤە بێت لەگوتار ئەوا مەبەستی بکەری سیاسییە و مەبەست رۆڵێکی تەوەرەیی دەگێڕێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، مەبەست تەوەرەی بەرهەم و لێکدانەوەی دەربڕین وگوتارە، مەبەست لای (ویلسۆن و سبربر) دوو جۆرە :

أ- مەبەستی هەواڵدان : ئارەزووی ئاخوەرە بۆ خستنەرووی هەندێ شت لە گوتارەکەیدا .

ب- مەبەستی پێڕاگەیاندن: راگەیاندنی مەبەستی ئاخێوەرە بە راستی .

(ئان رۆبول) مەبەست بۆ دوو جۆری تر دابەش دەکات :

أ- مەبەستی لۆکاڵی (Intention locale) : لە ئاستی دەربڕین دەیدۆزینەوە .

ب- مەبەستی راگەیاندن ( Intention communicative) : لەسەر ئاستی پێڕاگەیاندن دەدۆزرێتەوە [٤٥]، بۆ ئەم راگەیاندنەش ستراتیجییەتێکی (Strategy) هەیە واتە بە شێوازێك دەریدەبڕێت وەك : پرسیار یان ئاگاداری یان ناڕاستییەك [٤٦] .

پێکهاتووە رەفتاری یاریزانانی سیاسی لە دەوروبەرێکی دیاردا یاری پێ دەکرێت، چونکە یاریزانانی سیاسی لە رێگەیەوە

سیناریۆ و شێوازی هێرش بردنە سەر لایەنەكانی تر و چۆنییەتی بەرگریكردن لە خۆیان دادەڕێژن، ستراتیجییەتیش تەنها لە كاتی هێرشی ناتەبا هەستی پێدەكرێت، ئەمە پەیوەستە بە بنەمای راستگۆی بنەمای هاریكاری (گرایس)، دۆزینەوەی مەبەست دەبێت پشتڕاستبكرێتەوە بە چەند بەڵگەیەك،كە راستی بۆچوونەكە بسەلمێنێت (٤٧).

مەبەست نادۆززرێتەوە لە رێگای زمان، بەڵكو لە رێگای نەریتی زمانی و پێدراوەكان دەدۆززرێتەوە، لێرەدا نموونەیەك باس دەكەین : لە جەنگی جیهانی دووەم سەربازێكی ئەمریكی بەدیل گیرا وكەوتە دەست سەربازە ئیتالییەكان و سەربازەكە یەكەم رستەی بریتی بوو لە (دەزانن ئەو وڵاتەی،كە لیمۆی تیادا دەڕوێت كەوتۆتە كوێ ؟) ئەم رستەیە لای سەربازە ئیتالییەكان،كە زمانی ئەڵمانی نازانن، تەنها ئەو واتایەی لێوەردەگرن،كە (سەربازێكی ئەڵمانییە) بۆیە ناتوانین پشت بەستوو بە زمان مەبەست بدۆزینەوە (٤٨) .

٢-٥-٣-گریمانەی پێشبینیكردن :

(ئەریكۆنی) پێی وایە لە گوتاردا ناتوانرێت خۆبەدووربگرین لە پێشگریمانەكردن، بەڵكو بنچینەیە بۆ پتەوی گوتار و دەق، گریمانەكردن سروشتێكی شاراوەی هەیە و زیانیاری بە شێوەیەكی دەرنەبڕاو دەردەبڕێ (٤٩) .

٢-٥-٤- نیشانەكردن :

بەشداربووانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو نیشانكارانەی كاریگەرییەكی كارایان هەیە لەسەر رێڕەوی ئاخاوتنەكە، لەوانەش :

- بەرهەمهێنەری گوتار :سەركردە، بكەری سیاسی، نووسەری سیاسی .
- جەماوەر: كەسانی دەرەوەی چالاكی بەرهەمهێنەری گوتارن، دەتوانن درك بە مەسەلەكە بكەن .
- كات : (ئێستا) كاتی بەرهەمهێنانی گوتار دەگرێتەوە .
- شوێن : (ئێرە) بواری فیزیایی دەگرێتەوە (٥٠).

## ٢-٦- شرۆڤەكردنی گوتاری سیاسی :

هەنگاوی یەكەم بۆ شرۆڤەكردنی سیاسی هەر گوتارێك، پێویستە گوتارەكە لە ئاستی پراگماتیكەوە بە وردی شیبكرێتەوە و بۆ ئەوەی لە واتا روون شارەوەكانی گوتارەكە بگەین، نیشانكارەكان و كردەكان و مەبەستداری وگریمانەكان دەربێنین، تا لە هەنگاوی دووەمدا بە پێی شارەزایی و پاشخانی زانستی بتوانین شرۆڤەیەكی زانستی بۆ گوتارەكە بكەین، بەم پێیە توانستی پراگماتیكی بنەمایەكی گرنگی

شرۆڤەکردنە و ئەستەمە شرۆڤەیەکی زانستی و ود بیٚ توانستی پراگماتیێکی بیێتە ئاراوە، کەواتە شرۆڤەکردنی سیاسی بە دوو هەنگاو دەبیێت :

هەنگاوی یەکەم : شرۆڤەکردنی پراگماتیکی :

أ- نیشانکارەکان :

+ من (نووسەر) و ئەو حیزبەی نووسەر نوێنەرایەتی دەکات .

+ ئەو: جەماوەر و لایەنی بەرامبەر کە هۆکارە بۆ یەك نەگرتنەوەی سوپا .

+ کات : ٢٩-١٢-٢٠١٤ ( شەڕی نێوان هەرێمی کوردستان و داعش)

+ شوێن : هەرێمی کوردستان .

ب- کردەقسەییەکان :

- تا ئێستا هەموو یەکە سەربازییەکانی وڵات یەکی نەگرتۆتەوە . (نارەزاییە لە شێوەی هەواڵ)

- ناتواندرێت بلێین سوپایەکی یەکگرتوومان لە هەرێمی کوردستان هەیە . (ڕەتکردنەوەیە و ناڕەزاییە لە شێوەی هەواڵ) .

+ هێزەکانی (حەفتا و هەشتا) لە پاشکۆی حیزب بکرێنەوە و تێکەڵ بە سوپای یەکگرتوو بکرێت.

+ لایەنی بەرامبەر نەرمی بنوێنیٚ و هەناگاو بنیٚ بۆ دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم .

- لاوازیمان بۆ دەورووبەر و جیهان لەو بارەیەوە نیشان دەدات . (ئاگادارکردنەوەیە لە شێوەیەی هەواڵ) .

- گەر بەتەواوی جێبەجیٚ بکرێت سەرەتایەکی باش دەبیێت بۆ دورستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی دوور لە حیزبایەتی کە ئەرکی سەرەکی داکۆکی دەبیٚ لە خاکی کوردستان . (گومان دەربڕین و تاوانبارکردنە لە شێوەی هەواڵ) .

- وەزارەتی پێشمەرگە بە بەردەوامی لە هەوڵدایە بۆ دامەزراندنی ئەو سوپایە و تا ئێستاش هەنگاوی بەرچاوی لەم بارەیەوە ناوە . (نرخاندن و ستایشە لە شێوەی هەواڵ) .

ج- مەبەستداری :

+ مەبەستی شاراوە لەم گوتارەدا ئەوەیە نووسەر و حیزبەکەی ئارەزوودەکەن،کە سوپای نیشتیمانی پێکبیێت بۆ ئەوەی هەرێم زیاتر بەهێزبیێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و ببیێتە جێگای متمانەی زیاتری جەماوەر .

+ وەزیری پێشمەرگە و حیزبەکەی لایەنگیری سوپای یەکگرتوودەکەن و لە هەوڵی بەردەوامدان .

+ نووسەر ئارەزوودەکات فشاری جەماوەری بکرێتە سەر ئەو لایەنەی کە ڕێگرە لە یەك نەگرتنەوەی سوپا .

د- گریمانەکردن :
+ هەرێمی کوردستان بوونی هەیە .
+ سوپا بوونی هەیە .
+ سوپا دەستەبەری ئاسایشی هەرێم و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە وڵاتە دیموکراتیەکان.
+ وەزارەتی پێشمەگە بوونی هەیە و هەنگاوی ناوە بۆ یەکگرتنەوەی سوپا .
+ سوپا دابەش بووە و هێزەکانی (٧٠) و (٨٠) سەربە دوو حیزبی دەسەڵاتدارن یەکیان نەگرتۆتەوە .
+ گومان دەکەم یەك بگرنەوە .
+ یەکنەگرتنەوە : هۆکاری بێهێزیمانە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی .
+ یەك نەگرتنەوە زیان بە پێگەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت و بێهێزمان دەکات.
هەنگاوی دووەم : شرۆڤەکردنی سیاسی :
+ لە کەیەوە سەریهەڵداوە ؟ ( لەگەڵ دورستبوونی هەرێمی کوردستان)
+ کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانی چییە ؟ (بەڵێ کاریگەری زۆری هەیە) .
+ پێویستە چی بزانین تاکو ڕایەك دورست بکەین ؟ (درك بە گرنگی سوپای یەکگرتوو بکەین).
+ ئایا مەسەلەکە ترسناکە، ئایا کاریگەری نەرێنی گەورەی هەیە ؟ (بەڵی ترسناکە) .

لەم تەوەرەیەدا شرۆڤەیەکی پراکتیکی زانستی بە پێی قوتابخانەی واقیعی بۆ گوتارێکی سیاسی بەرێز (سەلام عەبدوڵا) دەکەین، ناونیشانەکەی بریتییە لە (سوپای نیشتیمانی)کە لە ٢٩-١٢-٢٠١٤ لە سایتی رۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە :
أ- درکپێکردن بە مەسەلە و پێناسەکردنی (چ رویدا؟):(نەبوونی سوپای نیشتیمانی) :
- درکپێکردن و ئاگاداربوون و پێناسەکەردنی مەسەلەکە :
+ کێشە چییە ؟ (نەبوونی سوپای نیشتیمانی) .
+ چی رودەدات کە پێویست نەبوو رووبدات ؟ (بیٚ هێزی هەرێمی کوردستان)
+ رادەی کاریگەری چییە ؟ و لەسەر کیٚ ؟ (کاریگەری زۆری هەیە لە ناوخۆ و دەرەوەدا)
گۆڕانکارە نوێیەکان چین ؟ (هەڕەشەکانی سەرهەرێمی کوردستان) .
+ کاریگەری لەسەر ئایندە هەیە ؟ (بەڵیٚ کاریگەری لەسەر ئایندە هەیە و هەرێم بەرە و دوولەتبوون دەبات)
+ دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت؟ (بەڵیٚ دەتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێت) .
ب- شرۆڤەکردنی مەسەلە بۆ تەوەرە و دۆزینەوەی هۆکارەکان (بۆ رویدا ؟) (بوونی چەند هۆکارێك) :
- تێگەیشتن لە مەسەلەکە :

+ كێن ئەوانەى رووداوەكەيان ئەنجامداوە و كاريگەرى لەسەركىٚ و چى دورستكردووە ؟ حيزبە كوردستانيەكان بە تايبەتى هەردوو حيزبى سەرەكى سوپايان دابەشكردووە، كاريگەرى لەسەر هەريمى كوردستان دورستكردووە و هەريميان بىٚ هيزكردووە.

+ دۆزينەوەى هۆكارى رووداو يان مەسەلەكە .كۆمەلێك هۆكارهەن بۆ يەك نەگرتنەوەى سوپا،

+ هۆكارە ناوخۆييەكان : واقيع و كەس و بيرۆكە دەگريتەوە .

+ هۆكارە دەرەكييەكان : ولاتە دراوسێكان و ولاتانى تر دەگريتەوە .

+ سەرۆكى هەريم ستراتيجييەت و سياسەتێكى پەيرەوكردووە بۆ چارەسەركردنى مەسەلەكە .

- دۆزينەوەى لايەنى پەيوەنديدار بە مەسەلەكە : لايەنى بەرامبەر ئەركێكى گرنگى لەسەر شانە و پێويستە هەنگاوبنىٚ بۆ يەكگرتنەوەى هێزەكانى وەزارەتى پێشمەرگە .

- دياريكردنى بنەما بەهێز و بێهێزى لايەنە پەيوەنديدارەكان :

لايەنى پەيوەنديدار بەهێزە و باشوورى رۆژهەلاتى هەريم دەگريتەوە، لە ئەنجامى شەرى ناوخۆ جيابۆتەوە و بۆتە واقيع و ژينگەى بۆ رەخساوە و گەشەى كردووە .

ج- بەكارهێنانى زانيارى لە خزمەتى شرۆڤەكردن و دۆزينەوەى پەيوەندى تا گەيشتن بە دەرەنجام (پێشبينيمان چى دەبێت بۆ داهاتووى سوپاى كوردستان ؟ پێويستە چى بكريت ؟ بۆ ئەوەى سوپايەكى يەكگرتوو دوورست بكەين ؟ ) :

- بريتييە لە يەكتربرينى بازنەى شرۆڤە و زانيارى و دووبارە لێكدانەوەى بنەماكان و خستنەرووى بە شێوەيەكى نوىٚ .

+ لەم شرۆڤەيە چيمان دەوێت ؟ (دەمانەوێت بزانين هۆكار و دەرەنجامەكانى سوپاى يەكگرتوو چين).

+ دەمانەوێت بگەين بە چى ؟ (بگەين بە ستراتجييەتى دورستكردنى سوپاى يەكگرتووى هەريم) .

- دياريكردنى بۆچوون و تێروانين و هەلوێست و تێروانينى شرۆڤەكار :

+ دانانى سيناريۆى چاوەروانكراو : (يان ئەوەتە سوپا يەكدەگريتەوە، يان ئەوەتا بەشێكى يەك دەگريتەوە و هێزە سياسييەكان پاريزگارى لە هێزى خۆيان دەكەن) .

+ دياريكردنى سوود و زيانى هەر سيناريۆيەك لە سيناريۆيەكان : (ئەگەر سيناريۆى يەكەم سەربگريت ئەوا هەريم لە سەر ئاستى ناوخۆ و نێودەولەتى پێگەى بەهێز دەبێت و دەبێتە هەنگاوێك بۆ دورستبوونى دەولەت. ئەگەر سيناريۆى دووەم سەربگريت ئەوا هەريم لە سەر

ئاستی ناوخو و نێودەوڵـەتی پێگـەی بێهێـز دەبێت و دورسـتبوونی دەوڵـەتی كـوردی دوادەخات) .

- نووسین و هەڵسەنگاندن :

ئەم شرۆڤەكردنە كەوتۆتە ژێر كاریگەری بیروبـاوەڕ، ئەگـەری ڕوودانـی سـیناریۆی یەكەم زۆر كەمە و هۆكارەكانیش بریتین لە

## ئەنجام :

١- شـرۆڤەكردنی سیاسـی یارمەتیـدەری كەسـانی ناپسـپۆڕە لـە سیاسـەت بـۆ قووڵبوونەوە لە سیاسەت و تێگەیشـتن لـە واقیعی سیاسی .

٢- شرۆڤەكردن لە ئـەنجامی دوو هۆكـار دێتە ئاراوە،كە بریتین لە (لێلـی ڕووداو و كەمی زانیاری) .

٣- پوختەی شرۆڤەكردن لە سێ پرۆسەی سەرەكی خۆی دەبینێتـەوە (كۆكردنـەوەی زانیـاری و لێكدانــەوە و شــرۆڤەكردنی لۆجیكی و دەرهێنانی ئەنجامی كۆتایی.

٤- شرۆڤەكردنی سیاسـی وەك دراوێكـی دوو ڕوو وایە هەریەكەیان پرسیارێك لەخۆ دەگرێت، كە بریتین لە (چی ڕویدا ؟) (بـۆ ڕویدا ؟)، بەڵام بابەتی نەبوونی شرۆڤەكاری سیاسی و تێكـەڵكردنی لەگـەڵ هەسـت و سۆز و ئایدیۆلۆجیا و بۆچوونی خـۆی وی لێهاتووە پرسیارەكە بەم شێوەی خوارەوەی لێبێت : شرۆڤەكاری سیاسی چی دەوێت ؟ بۆ شرۆڤەكاری وای دەوێت ؟

: وڵاتـە هەرێمایەتییـەكان و بەتایبـەتی ئـەو وڵاتەی لە پشت هێزی دووەمەوەیە ڕێگـرە لەبەردەم یەكنەگرتنەوەی سوپای هـەرێم و بۆیە پێویستە لە ناوخۆی هـەرێم فشـارێكی جەماوەری زۆر بخرێتە سەر لایەنی هۆكار تا هەنگاوی كارەكی بنێت بـۆ یەكگرتنـەوەی سوپا .

٥- شرۆڤەكردنی سیاسـی بـە زۆری لـەم سەردەمەی ئێستاماندا ناگاتە ئامانجی خۆی، لەوانەش دوو هۆكاری گـرنگ هـەن كـە بریتین لە :

أ- زمـانی گوتـاری سیاسـی زمـانێكی تاكەكەسییە،كاتێك،كە زیادەڕۆیی دەكـات لە شرۆڤەكردنی جولانـەوەی دەسـتەیەكی دیـاریكراو و بیروڕایــەك دەخاتــەڕوو و پاڵپشــتی لێوەدەكــات، واتــە زمــانی شــیكرنەوەكە مەبەســتدارە و زمــانێكی ئاڕاستەكراو و بێلایەن نییە .

ب- جیـاوازی ئامـانج لـە شـرۆڤەكردنی سیاسی و لادان لە ئامـانجی سـەرەكی، بـۆ نموونـە زاڵكردنـی ئایدیۆلۆجییـەت بەسـەر واقیع یان زیاتر گرنگیدان بە مەسەلەیەك و فەرامۆشكردنی ئەوانیتر .

٦- چوار بواری پراگمـاتیكی زۆر گرنگـە بۆ شرۆڤەكاری سیاسی، شـارەزابوون لـەم بوارە یارمەتی شرۆڤەكاری سیاسی دەدات بــۆ وردێتــی و پێشــبینیكردنی زیــاتر، بوارەكانیش بریتین لە :

أ- کردەی کاریگەری :

ئـەم کردەیـە دەچـێتە خانـەی کردەیـی قسـەیی، کە پێـی وایـە زمـان هۆیەکـە بـۆ گۆڕینی رەفتار و بارودۆخ، پێشـتر گوتمـان کاریگەری مەبەستی سەرەکی گوتارە، ئـەم کاریگەرییـەش بـەدوور نییـە لـە کـردەی گـۆکردن و راپەڕاندن، کـە لـە کـردەی قسـەکردندا بەرجەسـتە کـراوە، چـونکە زوربـەی کـردە سیاسـییەکان کـردەی گوتارین.

ب- مەبەستداری :

گوتار دوو لایەنی هەیە دیـار و شـاراوە، زۆر شـت لـە گوتـاردا لادراوە و ئـەوەی دەریدەبڕێت بەشـێکە لـە پەیامەکـەی نـەك هەموو پەیامەکە، بـەم پێیـە واتـای شـاراوە زیاترە لە واتای ئاشکرا .

ج- پێشگریمانەکردن :

بنچـینەیە بـۆ پتـەوی گوتـار و دەق، گریمانەکردن سروشتێکی شاراوەی هەیـە و زیانیـاری بـە شـێوەیەکی دەرنـەبڕاو دەردەبڕێ.

د- نیشانەکردن :

بەشـداربووانی ئاخـاوتن دەگرێتـەوە، بـە تایبەتی ئـەو نیشـانکارانەی کاریگەرییـەکی کارایان هەیە لەسەر رێڕەوی ئاخاوتنەکە .

٧- هـەنگاوی یەکـەم بـۆ شـرۆڤەکردنی سیاسی هەر گوتارێك، پێویستە گوتارەکـە لـە ئاسـتی پراگماتیکـەوە بـە وردی شـیبکرێتەوە و بـۆ ئـەوەی لـە واتـا روون شـارەوەکانی گوتارەکـە بگـەین، تـا لـە هـەنگاوی دووەمـدا بـە پێـی شـارەزایی و پاشـخانی زانسـتی بتـوانین شـرۆڤەیەکی زانسـتی بـۆ گوتارەکـە بکـەین، بـەم پێیـە توانسـتی پراگمـاتیکی بنەمایـەکی گرنگـی شرۆڤەکردنە و ئەستەمە شرۆڤەیەکی زانستی و ود بێ توانستی پراگماتێکی بێتە ئاراوە .

## پەراوێزەکان :

١- (صدقة بن يحيى فاضل:٢٠١١:٢٠) .
٢- (بكر ابوبكر:٢٠١٤:٢)
٣- (هانى بن عبدالله بن محمد الجبير:٢٠١٣:٤).
٤- (هەمان سەرچاوە : ٤ ) .
٥- (هەمان سەرچاوە : ٤ ) .
٦- (هەمان سەرچاوە : ٤ )
٧- (طه بدوى:١٩٨٦:٣١٠)
٨- (هەمان سەرچاوە : ٢٧٦ )
٩- (هەمان سەرچاوە : ٢٧٩) .
١٠- (عبدالعزيز صقر:د.ت:٧٩) .
١١- (هانى عرب:د.ت: ٧) .
١٢- (عبدالعزيز صقر:د.ت:٧٩)
١٣- (فرحان بدرى الحربى :٢٠٠٣:٣٩) .
١٤- (J.Dubois:2001:150)
١٥- (فرحان بدرى الحربى:٢٠٠٣:٤٠)
١٦- (هەمان سەرچاوە : ٤٠ )
١٧- (هەمان سەرچاوە : ٣٩ )
١٨- (محمد العمرى:٢٠٠٧:١٢)
١٩- (احمد حاقد:٢٠٠٢:٨٥)
٢٠- (اوليفى رومبول:٢٠٠٢:١٢)
٢١- (موساوى يمينة ليلى:٢٠١٠:١٦)
٢٢-(محمد العمرى:٢٠٠٧:٤)
٢٣- (نبيل على:٢٠٠١:٣٨٧)
٢٤- (صدقة بن يحيى فاضل:٢٠١١:٢٠)
٢٥- مهند العزاوى : الواقع السياسي :
http://www.saqrcenter.net/?page=4209

٢٦- هەمان سەرچاوەى پێشوو .
٢٧- (A.Trognon,J,Larrue:1994:39)
٢٨- (بكر ابوبكر:٢٠١٤:٤)
٢٩- (هەمان سەرچاوە : ٥ - ٧ ) .
٣٠- (روجية بيرو:١٩٨٩:١١) .
٣١-(محمد على الكيك:١٩٨٨:٢٩٢)
٣٢- (مهدى فضل الله:١٩٧٩:١١٨)
٣٣-( محمود قاسم:د.ت:٥٦)
٣٤-(محمد باقر الصدر:٢٠٠٢:١٣)
٣٥- (مهدى فضل الله:١٩٧٩:١٦٦).
٣٦- (بكر ابوبكر:٢٠١٤:٨- ١٢) .
٣٧- (فرانسواز ارمينكؤ:١٩٨٦: ٧)
٣٨- (ذهبية حمو الحاج :٢٠٠٦:٢٣٩) .
٣٩- (نبيل على:٢٠٠١:٣٨٧)
٤٠- (T.Todorov,M.Bakhtine:1981:67) .
٤١- (J.P,Bronckart:1985:102)
٤٢- (ذهبية حمو الحاج :٢٠٠٦:٢٣٩)
٤٣- (محمد الخناش:١٩٨٠:١٩٣)
٤٤- (طه عبدالرحمن:١٩٩٨:٢٣٨)
٤٥- (A.Reboul.J.Moeschler:1998:152)
٤٦- (D.Coste,R.Gallisson:1976:188).
٤٧- (طه عبدالرحمن:١٩٩٨:٢٥١).
٤٨-(A.Reboul,J.Moeschler:1998:152)
٤٩- (C.K.Orechioni:1986:25)
٥٠- (فان دايك:٢٠٠٠:٢٥٨) .

## ملخص البحث :

يعتمد البحث على علم التداول واهميته في تحليل الخطاب السياسي. اذ يتناول الأبعاد التداولية في تحليل الخطاب السياسي، اضافة الى ذلك يقوم بعرض المجالات التداولية المستخدمة في هذا التحليل. ويعد هذا البحث محاولة لعرض اطار علمي للتحليل السياسي بهدف الوصول الى تحديد اهمية علم التداول في التحليل السياسي وفقا للمنهج الوصفي التحليلي. يتكون البحث من محورين اساسيين: المحور الاول يعد خاصا بالتحليل السياسي وانواعه ومنهاجه، ويتكون هذا المحور من المباحث التالية : تعريف السياسة ,التحليل السياسي، مدارس التحليل السياسي ,انواع التحليل السياسي، السياسة والخطاب. اما المحور الثاني فهو يركز على النظرة التداولية للتحليل السياسي ويتضمن المباحث الاتية: ادوات التحليل السياسي، ديناميكية التحليل السياسي ,دور العقيدة في التحليل السياسي ,القدرة التداولية والتحليل السياسي ,البعد التداولي للتحليل السياسي ,تحليل الخطاب السياسي. وفي الختام يتم عرض اهم النتائج مع الملخص باللغة الانجليزية .

## Abstract

**Research entitled function pragmatics in political analysis; the present study depends on pragmatics and its role in analyzing political discourse. In addition, it presents pragmatic fields used in this type of analysis. It attempts at providing a scientific frame of discourse analysis, aiming at expressing the importance of pragmatics in political discourse analysis according analytic descriptive model. It consists of two main parts. The first one is about political analysis, its types and its models. It contains the following sections: definition politics, political analysis, schools of political analysis, and types of political analysis, politics and discourse. The second part focuses on the pragmatic view of political discourse; it includes the following sections: tools of political discourse analysis dynamism of political analysis, the role of ideology in this of political analysis, pragmatic competence and its relation to political analysis, pragmatic dimension of political analysis, political, political discourse analysis. At the end, it gives the conclusive points and summary in English.**

## سەرچاوەكان :

أ- بە عەرەبى :
١- أحمد العاقد (٢٠٠٢) تحليل الخطاب الصحافي من اللغة إلى السلطة،ط/١، دارالثقافة، الدارالبيضاء المغرب .
٢- ذهبية حمو الحاج (٢٠٠٦) التحليل التداولى للخطاب السياسى،مجلة الخطاب، دورة أكاديمية محكمة تعنى بالدراسات والبحوث العلمية في اللغة والأدب، العدد (١)،ماى، جامعة مولود معمرى- تيزى وزو .

٣- روجية بيرو (١٩٨٩) المنطق القضائى، ترجمة و تعليق د.عبدالرسول حصائى، الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة، بغداد .

٤- صدقة بن يحيى فاضل (٢٠١١) مبادىء علم السياسة،ط/٤، مدخل موجز. لدراسة العلوم السياسية، جامعة ملك عبدالعزيز جده .

٥- طه بدوى (١٩٨٦) النظرية السياسة (القاهرة و الأسكندرية) المكتب المصرى الحديث .

٦- طه عبد الرحمن (١٩٩٨)، اللسان و الميزان أو التكوثر العقلي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء .

٧- عبدالعزيز صقر (د.ت) التحليل السياسي و مفهوم الاستراتيجية، دراسة فى تاصيل المفهومات و المناهج، القاهرة .

٨- فرانسواز ارمينكو (١٩٨٦) المقاربة التداولية، ترجمة، سعيد علوش، مركز انماء القومى، الرباط، المغرب .

٩- فرحان بدرى الحربى (٢٠٠٣) الاسلوبية فى النقد العربى الحديث، دراسة تحليلية فى تحليل الخطاب، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،ط/١.

١٠- محمد الخناش (١٩٨١) البنيوية فى اللسانيات،ط/١، دار الرشاد الحديثة، الدار البيضاء .

١١- محمد العمرى (٢٠٠٧) بلاغة الخطاب السياسي، جريدة الاتحاد الاشتراكى، نشر فى٢/١٠/٢٠٠٧،المغرب.

١٢- محمد باقر الصدر (٢٠٠٢) الأسس المنطقية للأستقراء،ط/٢، دار الكتاب الاسلامى للنشر، مطبعة السرور، بيروت .

١٣- محمد على الكيك (١٩٨٨)، اصول تسبيب الاحكام الجنائية فى ضوء الفقة والقضاء،مطبعة الاشعاع، الأسكندرية .

١٤- محمود قاسم (د.ت) المنطق الحديث و مناهج البحث،ط/٤، مكتبة انجلو مصرية، مطبعة مخيمر القاهرة .

١٥- مهدى فضل الله (١٩٧٩)، مدخل الى علم المنطق (المنطق التقليدى) ط/٢، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت .

١٦- موساوى يمينة ليلى (٢٠١٠) التعابير المسكوكة و دورها فى الخطاب السياسى، دراسة دلالية تقابلية عربية – فرنسية، مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستير فى علم اللغة الحديث، جامعة ابوبكر بلقايد تلمسان، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة العربية و ادابها، الجزائر .

١٧- نبيل علي (٢٠٠١) الثقافة العربية وعصر المعلومات، رؤية لمستقبل الخطاب الثقافي العربي، عالم المعرفة، رقم ٢٦٥، المجلس الأعلى للآداب والثقافة والفنون، الكويت .

١٨- هاني بن عبدالله بن محمد الجبير (٢٠١٣) موجهات شرعية للتحليل السياسي، مجلة البيان العدد ٣١٨ صفر ١٤٣٥هـ، ديسمبر ٢٠١٣م .

ب- بە زمانی فەرەنسی :

1-A.Reboul, J.Moeschler (1998) la pragmatique de discours, Paris, Armand Colin .

2-A.Trognon,J,Larrue (1994) Pragmatique du Discours politique Armand colin Editeur, paris

3-C.K.Orechioni(1986) L implicite, Armand colin editeur,Paris .

4-D.Coste, R. Gallisson (1976), Dictionnaire de didactique des langues, Paris, Hachette.

5-J.Dubois.etal (2001) Dictionnaire de linguistique,paris,Larousse .

6-J.P,Bronckart(1985) Le fonctionnement des discourse, Un modele psychologique et une memoire d analyse, Delachaux et Niestle editeur, Neuchatel, paris .

7-T.Todorov.M.Bakhtine (1981) Principes dialogiques, Editions du seuil paris.

ج- پێگەی ئەنتەرنێت :

1-Damon Mayaffere. Dire son identité. Etude du discours politique français aux XXsiècle. Cahier de la Méditérrané. Vol 66. L'autre et l'image de soi.WWW.cdlm.revues.org/document.htm?id=119

٢- بكر ابوبكر (٢٠١٤)، ١٣ خطوة فى التحليل السياسى،المعهد الوطنى لتدريب الكوادر فى فلسطين،رام الله : http://www.slideshare.net/bakerabubaker/13-2014-32569238

٣- مهند العزاوى : الواقع السياسي :
http://www.saqrcenter.net/?page=4209

٤- سەلام عەبدوڵا: سوپای نیشتیمانی :
http://www.xebat.net.prx2.unblocksit.es/detail_articals.php?id=30679&z=4&l=1

د- پاشکۆ :

سوپای نیشتیمانی

سەلام عەبدوڵا : ٢٩-١٢-٢٠١٤

بەڵگە نەویستە كە وڵات پێویستی بە سوپایەكی یەكگرتوو هەیە كە بتوانێت لە كاتی پێویستدا داكۆكی لە خاك و دانیشتوانی بكات بۆ ئەم مەبەستەش دەرگا والآ دەكرێت بۆ هاوڵاتیان كە بەشداری لەو سوپایەدا بكەن . جا بە شێوەی ئارەزوومەندانەبێت وەك هەندێك وڵات یان بە شێوەی زۆرە ملێ بێت وەك زوربەی وڵاتان .

ڕەنگە وشەی زۆرە ملێ كەمێك گران بێت بۆ وڵاتانی دیموكراتی، چونكە ئەوانە بە ئەركی سەرشانی خۆیانی دەزانن كە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بكەن بۆ كاتی پێویست یان ئەو كاتانەی كە وڵاتیان دەكەوێتە مەترسییەوە، بەڵام بەكارهێنانی وشەی زۆرەملێ كە بە عەرەبی پێی دەڵێن (ئیجباری) زیاتر بۆ ئەو وڵاتانەیە كە خاوەنی سیستەمی دیموكراتی نین و دەسەڵات تێیدا نوێنەرایەتی خەڵك ناكات و سوپا بۆ ئەوە دانامەزرێت تەنها بۆ داكۆكی لە وڵات، بەڵكو بۆ دەستدرێژیكردنە سەرهاوڵاتیانی خۆی و دەرودراوسێ وەك عێراقی سەدام كە دەتواندرێت بە نموونەی دیار بۆ ئەو جۆرە سیستەمانە لە قەڵەم بدرێت .

لە وڵاتی دیموكراتیدا سوپا بێ لایەنە و بەشداری لە ململانێی حیزبیدا ناكات و كاری تەنها دوورختنەوەی مەترسییەكانە . هەربۆیەش سوپا بە گۆڕینی سیستەم یان ڕاستتر وایە بڵێم دەستاودەستكردنی دەسەڵات سوپا هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و دەستكاری ستراكتۆری ناكرێ و تەنها گۆڕانێك كە ڕوودەدات ڕەنگە هەر گۆڕینی وەزیری بەرگری بێت كە لە زوربەی كاتدا تەسلیمی كەسایەتییەكی مەدەنی دەكرێت، دەنا سوپا و دەزگا ئەمنییەكان و پۆلیس بەكاری ئاسایی خۆیان هەڵدەستن و گۆڕینی دەسەڵات كار ناكاتە سەر كاری ئەوان .

ئەمڕۆ ئێمە سوپایەكمان هەیە لە كوردستان، بەڵام تا ئێستا بە گشتی نەبۆتە سوپایەكی یەكگرتوو، چونكە تا ئێستا هەموو یەكە سەربازییەكانی وڵات یەكی نەگرتۆتەوە و تا ئێستاش ئەگەر چی وەزارەتی پێشمەرگەش هەیە، بەڵام هەندێك هێز وەكو یەكەی حەفتا و یەكەی هەشتا نەچوونەتە ژێر ركێڤی وەزارەتی پێشمەرگەوە، بۆیە ناتواندرێت بڵێین سووپایەكی یەكگرتوومان لە هەرێمی كوردستان هەیە، كە تاڕادەیەك لاوازیمان بۆ دەوروبەر و جیهان لەو بارەیەوە نیشان دەدات .

بۆیە ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی كە ئاڕاستەی وەزارەتی پێشمەرگەی كردووە و لە حەوت خاڵدا دەستنیشانی كردووە، گەر بەتەواوی جێبەجێ بكرێت سەرەتایەكی باش دەبێت بۆ دورستكردنی سوپایەكی نیشتیمانی دوور لە حیزبایەتی كە ئەركی سەرەكی داكۆكی دەبێ لە خاكی كوردستان و دانیشتوانی، هەرچەند دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین كە وەزارەتی پێشمەرگە بە بەردەوامی لە هەوڵدایە بۆ بۆ دامەزراندنی ئەو سوپایە و تا ئێستاش هەنگاوی بەرچاوی لەم بارەیەوە ناوە .